# چاوگێڕانێک بە سەر کارەساتەکەی گوردانی شواندا،

## وتوویێژێک لە گەڵ هاوڕێ حەبیبی گەوێڵی

٢٧ی ئەسفەند، ساڵرۆژی کارەساتە دڵتەزێنەکەی گۆردانی شوانە. کارەساتێک کە بوە هۆی گیانبەخت کردنی ٧٠ پێشمەرگەی فیداکاری کۆمەڵە. ٧٠ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی خەباتی چەوساوان و بەشمەینەتان بۆ دامەزراندنی سوسیالیسم.

ئەمساڵ ٢٣ ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێدەپەڕێ. لەم ماوەدا گەلێک قسە و باسی لە سەر کراوە، بەڵام هێشتاش پاش تێپەڕ بوونی ئەم ٢٣ ساڵە هەندێک لایەنی ئەم ڕووداوە یان باسی لێنەکراوە و یان لێکدانەوەی جیاوازی لە سەر دراوە.

لە سەروبەندی ساڵیادی ئەمساڵی هاوڕێیانی گوردانی شوان و لە وتـو وێژێک لە گەڵ هاوڕێ حەبیب گەوێڵی ناسراو بە حەبیب کێڵانەدا، هەوڵ دراوە لە گەڵ چاوگێڕانێک بە سەر ڕووداوەکەدا بە گشتی، تیشک بخرێتە سەر ئەو خاڵانەی وا یان باس نەکراون و یان ئەگەریش باسکرابێتن لە گەڵ ڕاستییەکانی ڕووداوەکە ناتەبان.

لە سەرەتای وتـو وێژەکەدا ئەگەرچی پێویست بە ناساندنی هاوڕێ حەبیب ناکات، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە کاک حەبیب ئەو دەم ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، بەرپرسی کومیتەی ناوچەی سنە و بەرپرسی نیزامی ناوچەی سنە بووە.

فارووق نەقشی

*****

**پرسیار: هاوڕێ حەبیب سەبارەت بە ناردنی گوردانی شوان بۆ "بیارە" و جێگیربوونی لەوێ، ئەم ناردنەوە و جێگیربوونە لە چ هەل ومەرجیکدا بڕیاری لە سەردراوە و چ لێکدانەوە و سیاسەتێکی لە پشت بووە؟**



حەبیب گەوێڵی: لە سەرە تاوەو پێش وڵامدانەوە بە هەر پرسیارێک، پێم خۆشە سلاو و ڕێزی خۆم پێشکەش بە بنە مالەی هەمو هاورێیانی گیانبەختکردوی گوردانی شوان بکەم. بۆ باسکردن لە سەر ڕووداوی دڵتەزێنی گوردانی شوان، بە دروست دەبێ بگەڕێنەوە بۆ هەل ومەرجی ئەو سەردەمە و بزانین ئێمە لە چ شەرایت و ئەوزاعێکدا بڕیارمان لە سەر ناردن و دامەزرانی گوردانی شوان لەو ناوچەیە داوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پاش حەوت ساڵ خەبات و تێکۆشانێکی چڕوپڕ لە دژی جومهووری ئیسلامی و لەوانە خەبات و ڕاوەستانی پێشمەرگانە، بەرەبەرە ڕژیم بە پشت بەستن بە هێزی زۆر وزەبەندی نیزامی و بە تایبەت بە کێشانی بەرەکانی شەڕ لە گەڵ عێراق بۆ کوردستان، توانیبووی لە باری نیزامییەوە کوردستان داگیربکا و بیکاتە پادگانێکی نیزامی گەورە. ئەمە وایکردبوو کە ناوچەی ئازادکراو بە دەس هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە نەمابوو وە ئەوان زیاتر لە جاران تاکتیکی شەری پارتیزانی‌یان ڕەچاو دەکرد و دیارە ناوەند و مەرکەزی حەسانەوە و لوجستیکی خۆشیانیان گواستبوەوە بۆ ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردستانی ئێران و ئێراق.

به کێشانی بەرەی شەڕی ئێران و ئێراق بۆ کوردستان، رژیم هێزێکی زۆر وزەبەندی بە درێژایی سنوورەکان لەو ناوچانە دامەزراندبوو. ئەمە بۆ خۆی تەنانەت کەند وکۆسپێکی زۆری بۆ جموجوولی هێزی پێشمەرگە سازکردبوو و بە رادەیەکی بەرچاو چالاکی و جم وجۆلی هێزەکانمانی بەرتەسک کردبوەوە.
جگە لەمە، شەڕی حیزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵە و دیفاعی رەوای کۆمەڵە لەم شەڕەدا، بە داخەوە ئەو کەند وکۆسپە و ئەو بەرتەسکیانەی گەلێک زیاتر کردبوو. ئەم شەڕە بە هۆی تەلەفاتی ئینسانی هەردولا، ببوە هۆی کەم بوونەوەی هێزوتوانای هێزی پێشمەرگەی چ حیزبی دیموکرات و چ کۆمەڵەش. جگە لەوە لە سەر ورەی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان رەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو وە ببوە هۆی بڵاو بوونەوەی توی نائومێدی لە ناو خەڵکدا و کاردانەوەیەکی زۆری لە سەر هاتن بۆ پێشمەرگایەتی دانابوو، بە جۆرێک کە رەوتی هاتن بۆ پێشمەرگایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردبوو. لە لایەکی دیکەوە دەرەتانێکی زۆرتری بۆ رژیم سازکردبوو کە بتوانێ بەرفراوانتر خۆی بڵاو بکاتەوە و لە هەمان کاتدا هێزە سیاسییەکان ناچار ببوون بارەگا و مەقەڕەکانیان بگوێزنەوە بۆکوردستانی ئێراق. یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم شەڕە( دێموکرات لەگەڵ کۆمەڵە) بەرتەسک بوونەوەی حوزووری کۆمەڵە لە هەندێک لە ناوچەکان بوو. درێژە کێشانی ئەو شەڕە بۆ ماوەی چەن سال بە حیزبی دێموکراتی سەلماند کە ناتوانێ کۆمەڵە لە مەیدانی خەباتی شۆرشگێرانەی کوردستان بەدەرکات. ئەم شەرە جگە لە تەئسیر و کاردانەوەی خراپی لە نێو خەلکی کوردستان ، هێزەکانی کۆمەڵە و دێموکراتیشی شەکەت ولاواز کردبو. لەو هەل ومەرجەدا بو کە کۆمەڵە سیاسەتی فەرعی کردنەوەی ئەو شەرەی هەڵبژارد و لە ئیدامەی ئەم سیاسەتەدا بە شێوەی یەک لایەنە بریاری تەقەوەستان و ئاگربەسی دەرکرد. لە زومرەی ئەو ناوچانەی کە حوزووری ئێمە وەک کۆمەڵەی تێدا بەرتەسک ببوەوە، هەورامان و شومالی کوردستان بوو.
دوای تێپەربونی ماوەیەک لەو ئەوزاع و ئەحواله، بۆچوونێک لە ناو رێبەرایەتی ئەوکاتی کۆمەڵەدا سەری هەڵدا کە پێی وابوو دەبێ لەو ناوچانە کە کۆمەڵە بە دروست هێزەکانی خۆی کشاندبوەوە، هەڵسووڕانی تەشکیلاتی عەلەنی و حوزوری هێزی پێشمەرگەی خۆی دەس پێ بکاتەوە.

**ببوورە کاک حەبیب ، ئایا مەبەستت ئەوەیە کە ئەو بۆچوونە پێی وابوو کە هەل ومەرجی ئەوە پێکهاتوەتەوە کە هێزەکانی کۆمەڵە بچنەوە بۆ ئەو ناوچانەی وا بە هۆی میلیتاریزە بوونی بەربڵاوی لە لایەن هێزەکانی رژیم و هەروەها بە هۆی شەڕی حیزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵە، چۆڵ کرابوون؟**

حەبیب گەوێلی: بەڵێ مەبەستم ئەوەیە. بە بڕوای من ئەم بۆچوونە و ئەم سیاسەتە هەڵەی بەرچاوی هەبوو. لە باری سیاسییەوە لێکدانەوەیەکی زانستیانەی بۆ ئەو بریارە نەکردبو. مەنزورم ئەوەیە کە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ مەڵبەندێک، بەبێ زانیاری کافی لەسەر مەنتەقەکەو بەبێ زانیاری تەواو لە سەرئاڵوگۆرو هەلو مەرجی تازە رەخساو و لە نەزەر نەگرتنی ئەو فاکتورە تازانەی لە مەنتەقەکە هاتوتە پێش و لە سەر کار و هەڵسورانی هێزی پێشمەرگە دەور و تەئسیری دەبێ، بە بڕوای من کارێکی بە غایەت هەڵەیە. لە باری نیزامیشەوە بە باوەری من ئیرادەگەرایی بە سەروەها حەرەکەتێکدا زاڵ بوو چون ئەو بۆچونە تەنانەت فاکتوری تەوازونی هێزیش لە نەزەر ناگرێ. ئاکامی ئەم بۆچوونە ناردنەوەی گوردانی ٢٢ی ورمێ بۆ شومالی کوردستان و جێگیر کردنی واحدێک لە تیپی ١١ی سنە بوو لە "بیارە". ناردنەوەی گوردانی ٢٢ی ورمێ بۆ شومال و تەک خستنەوەی ئەو واحیدە لە حاڵێکدا کە ئێمە زانیارییەکی وەهامان لە ناوچەکە نەبوو، هەروەها جێگیرکردنی واحدێک لە تیپی ١١ی سنە کە گوردانی شوانیشی دەگرتەوە بە بێ ئەوەی شارەزای ناوچەکە بن، هەم سیاسەتێکی نەسەنجیدە بو و هەم ئیرادەگەراییەکی نیزامیشی تێدا بەرچاوە. لەو سەردەمەدا پێشمەرگە بە هۆی کار و هەڵسووڕانی نیزامی لە ناوەوە زۆر خەستە بوو و ئێمە دەبوو لە جیاتی ئەوەی کە لە شوێنێکی وەک "بیارە" جێگیری کەین دەبوا هەر لە چنارە ماوەی حەسانەوەی خۆی بەرێتە سەر.

**پرسیار: لێرەدا ئەم پرسیارەم بۆ دێتە بەرەوە کە ئەم هەڵوێستە کە ئێستا ئێوە باسی دەکەن هەڵوێستی ئێستاتانە کە ٢٣ساڵ بە سەر کارەساتی گوردانی شواندا تێپەڕیوە، یان هەر ئەو سەردەمیش هەڵوێستێکی موخالفی بۆچوونی ڕێبەری کۆمەڵە هەبووە. چونکوو زۆرجار ڕەنگە هەڵوێستێک بگیردرێت و بەڕێوەش ببردرێت، بەڵام پاش چەندین ساڵ کە بە عەقل و تێگەیشتنی ئەمڕۆوە چاو لە مەسەلەکە دەکەی دەزانی کە هەڵوێستێکی نادروست بووە.**

حەبیب گەوێڵی: بەڵێ بە دڵنیایەوە دەتوانم بڵێم جەوهەر و ناوەرۆکی هەڵوێست و قسەکانم لە سەر دانانی هێز لە بیارە کە بە داخەوە کارەساتی گوردانی شوانی لێکەوتەوە، ئەو کاتیش هەر وەک ئێستا بووە ونەگۆراوە. پێویستە لێرەدا باسی ئەوەش بکەم کە موخالیفەت لە گەڵ ئەو بۆچونەدا هەربە تەنیا لە لایەن منەوە نەبو، بەڵکوکەسانێکیتریش بون لە ناو کادرەکانی کۆمەڵەدا کە هەر بەو جۆرە بیریان دەکردەوە. بەلام بەداخەوە ئەو بەشە لە هاوڕێیانی ئەو کاتی ناوەندی کۆمەڵە کە بۆ هێزی پێشمەرگەی کۆمەلە بەرنامەڕێزیان دەکرد، بە نەزەر و پێشنهاد و مولاحەزاتی بە باوەری من ئەساسی کۆمیتە ناوچەکان و فەرماندە واحیدەکان کەم تەوەجوە بون. بۆ وێنە هاوڕێیانی ئەو کاتی کومیتەی ناوچەی سنە موخالفی ناردنی واحدێک لە تیپی ١١ی سنە بۆ "بیارە" بونو کرنەوەی مەقەڕیان لە "بیارە" پێ نادروست بۆ و ڕایان وابوو کە دەبێ لە شوێنێکی دیکە و لەوانە هەر لە "چنارە" کە ئەو دەم شوێنی جێگیر بوونی ناوچەی سنە بوو ڕایان گرین. من دواتر لەم بابەتەوە تەوزیحێکی زۆرتر دەدەم.

**پرسیار: هەر وەک خۆتان باستان کرد، دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە. لێرەدا ئەگەر بکرێ باسێک لە سەر خودی ڕووداوەکە بکەی. هەل ومەرجی ئەو سەردەمی "بیارە" چۆن بوو، ڕووداوەکە چۆن دەستیپێکرد و ئایا دەکرا بەو ئاقارەدا نەچووبایە و جۆرێکیتری لێ بهاتبایە؟**

هاوڕێ حەبیب: بەڵێ کاک فاڕووق، لێرەدا پێویستە برێک تەوزیحی وەزعیەتی مەنتەقە و چونیەتی بارو دۆخەکە بدەم. هەر وەها تەوزیحی ئەوە کە ئێمە لە چ هەل ومەرجێکدا مەقەڕی "بیارە"مان دانا. لە باسکردنی ڕووداوەکەشدا هەوڵ ئەدەم ڕووداوەکە هەر ئەو جۆرە کە ڕوویداوە بگێڕمەوە و دواتر دەچمە سەر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی خۆم لە ڕووداوەکە.

ئەوکاتەی بڕیاردرا کە بچینە "بیارە" ئەو مەنتەقە لە مابەینی جەبهەی شەری ماڵوێرانکەری ئێران و عێراقدا قەراری گرتبو. ئاوایی "بیارە" لە نزیک سنووری کوردستانی ئێران و کەوتوتە خاکی کوردستانی ئێراقەوە. تەقریبەن خەلک مەنتەقەکەیان چۆڵکردبوو وە لە ئەساسدا لە نێوان مەقەڕی ئێمە و هێزەکانی جومهووری ئیسلامی؛ نە خەڵک، نە ئەرتەشی ئێراق و نە هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی نەبوون. لە واقیعدا مەقەڕی ئێمە نووکی جیبهە بوو. بەرزاییە سەرەکییەکانی زاڵ بە سەر ناوچەکە وەک "کەلی تەتە" و بەرزاییەکانی "سوورێن" بە دەس هێزەکانی ئێرانەوە بو. بە جۆرێک کە هێزەکانی ڕژیمی ئیسلامی دەیانتوانی بە خومپارە و چەکی دیکە موزاحیمەتمان بۆ دروست بکەن. پێش چوونی گوردانی شوان واحیدەکانی دیکەی ناوچەی سنە لەوێ بوون. بەرنامەمان وابوو کە مانگی جارێک واحیدەکان بگۆڕین. ئەو جارەیان گوردانی شوان لەوێ بوون.

دەوروبەری حەفتەیەک پێش ڕووداوەکە، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ڕژیم لەو ناوچەیە هێزێکی زۆری کۆکردوەتەوە و بەرنامەی هێرش بۆ ناوچەکەی هەیە. چەند ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە هەم لە لایەن خەڵک و هەم لە لایەن هاوڕێیانی خۆمانەوە کە لەوناوچەیە بوون، هەواڵ و گوزارش لە جم وجووڵی ڕژیم و ئەگەری هێرش بۆ سەر ناوچەکە دەگەیشتە کومیتەی ناوەندی کە ڕوونوێشتێکیشی دەدرا بە کومیتەی ناوچەی سنە. بەڵام لێکدانەوەی ئەم هەواڵ و گوزارشانە ئەوەی لێدەرنەهات کە ئەم هێرشە، ئاوا بەربڵاو بێت و بۆ گرتنی هەڵەبجە بێت. گوردانی شوان و فەرماندەی ئەو گوردانە لەم خەبەرانە ئاگادار کرابوون و ئامادە باشیان پێدرابوو. یەک دوو ڕۆژ پێش هێرشەکە، خەبەرمان پێگەیشت کە جم وجووڵی هێزەکانی ڕژیم لە بەرزاییەکانی دەور وبەر بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و دەستیان کردوە بە خومپارە باران و توپبارانی دەور وبەری پردی "زەڵم" و خودی پردەکە. ئەو پردە تەنیا خەتی ئیرتیباتی ئەم بەر و ئەو بەر بوو. باقی شوینەکان یان ئاو بوو یان ئەو بەرزاییانە بو،وا بە دەس ڕژیمەوە بوون و تێپەڕ بوون لێیان زور سەخت بوو. کاتی گەیشتنی ئەم خەبەرە، هاوڕێ شۆکێ خێرئابادی کە فەرماندەی

گوردانی شوان بوو وە هاتبوو بۆ چنارە، بە پەلە خۆی گەیاندەوە بە واحیدەکەی. سەرلە بەیانی رۆژی ٢٤ی ئەسفەند هاوڕێ شۆکێ بە بێسیم پەیامی دا کە هێزەکانی رژیم هاتونەتە خوار بۆ سەر بەرزاییەکانی نزیکی مەقەڕ. من کە لە چنارە بووم بە بیستنی ئەم خەبەرە هەرچەند بڕیاردان لە سەر هەڵس وکەوتی گوردانی شوان بە من و بە کومیتەی ناوچەی سنە نەبوو و دواتر دەڵێم کە چۆن لەم بابەتەوە تەقسیمی کار کرابوو دەس بە جێ و بە بێ ئەوەی ماتڵی تەکبیر و ڕاوێژ لە گەڵ سەرەوە بم پێم وتن کە ماتڵ مەبن و تەنیا بێسیمەکەتان هەڵگرن و بێنە دواوە و "بیارە" بە جێ بێڵن. وەزعەکە وابوو کە هاوڕێیان تەنانەت نەیانتوانیبوو کەل و پەلە شەخسییەکانی خۆشیان هەڵگرن. من هەر ئەوکات چوومە بەرزاییەکانی لای "چنارە" کە مەقەڕی ناوچەی سنەی لێبوو بۆ ئەوەی بتوانم بە بێسیمی دەستی تەماسیان لە گەڵدا بگرم، چون هاوڕێیان گوردانی شوان بێسیمە گەورەکەیان کۆ کردبوەوە. پاش چەند دەقیقەیەک توانیم پەیوەندیان پێوە بگرم.

بە قسە کردن لەگەڵ هاوڕێ شۆکێ بەو تەسمیمە گەیشتین کە هاورێیانی گوردانی شوان بەرەو مەسیری پردەکە و بەرەو مەنتەقەی "سەیدسادق" عەقەب نشینی کەن. بەڵام بە داخەوە خەبەریان دا کە کۆنترۆلی مەسیری هاتن بەرەو پردەکەی "زەڵم" کەوتۆتە دەس هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و ئیمکانی پەڕینەوە لەوێوە نییە. بۆیە لە رووی ناچارییەوە روویان کردە ئاوایی "سیروان". جگە لەوە کارێکی دیکە نەدەکرا. ئەوان دەبوو لە هەر حاڵدا لەو بەشە دوور کەوتایەتنەوە، تا لای ئێوارە بمانتوانیبایە کارێک بکەین. لەو مەسیرەدا کە ئەوان بە ناچار گرتبوویانە بەر، ئاگاداری ئەوە ببوون کە هێزەکانی حیزبی دیموکراتیش لەو دەور وبەرە لە شوێنێک لە کانی و ئاو وباخێک کۆبوونەتەوە و بە تەمای دەرباز بوونن لە ناوچەکە. بەڵام هاوڕێیانی ئێمە نەیاندەزانی کە ئەوان بە تەمان بە کام لادا بڕۆن.

دەمەو ئێوارە هاوڕێ شۆکێ کە بەردەوام پێکەوە لە تەماسدا بووین، وتی کە بە تەمان بچنە نێو ئاوایی سیروان لەوێ لە نێو خەڵکەکەدا هەم نەختێک بحەسێنەوە و هەم نان و پێخۆرێک لە گەڵ خۆ هەڵگرن و دواتر بەرەو ئەو مەسیرە بێن کە دیاری کراوە. خاڵێکی گرینگ بە تایبەت کە هەوا تاریکی دەکرد، شارەزا بوون بە مەنتەقەکە بوو، کە بە داخەوە هاوڕێیانی ئێمە لێی بێبەری بوون. نە ئاشناییەکی وەهایان لە گەڵ خەڵکی مەنتەقەکە هەبوو نە ڕێگا و بان بەڵەد بوون. ئەمە وایکردبوو کە ماندوو بوونێکی زۆر دەستیان پێبدات و بۆ نموونە ڕێگەی یەک سەعات بە چەند سەعات ببڕن. بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو موشکیلەیە ئێمە کە ئێتر ئەو کات لە گەڵ هاوڕێیانی "ئاسۆس" خۆمان گەیاندبوە لای سەدەکەی "دەربەندیخان" هەوڵمان دا بە گەمی واحدێکی چەند کەسی کە هاوڕێیەکمان بە نێوی "عەدنان" کە خەڵکی ناوچەکە و بە باشی شارەزای مەنتەقەکە بوو، بنێرین بۆ لایان و لە پەڕاندنەوەیاندا یارمەتییان بکەین. هەوڵمان ئەوە بوو کە بە یارمەتی "عەدنان" کە بوارەکانی چەمی زەڵم بە باشی دەناسی هەوڵ بدەین لە چەمەکە بیانکەینە ئەو بەر و ئەگەر ئاوەکەش وەها زۆر بوو کە پەڕینەوە بە ئاسانی مەیسەر نەبوایە، بە تەناف بیانپەڕێنینەوە.

خاڵێک کە پێویستە ئیشارەی پێ بکەم ئەوەیە کە ئێمە لەم بەر سەدەکەی دەربەندیخان، دەستمان بە تەواوی ئاوەڵە نەبوو کە هەر کارێک و هەر کات پێمان باش بوو ئەنجامی بدەین. مەنتەقەکە بە دەست ئەرتەشی ئێراقەوە بوو وە ئێمە دەبوو بە لە نەزەرگرتنی حوزوری ئەوان بەرنامە رێژی ئەو کارە بکەین. کەرەسە و ئیمکاناتی پێویستیش وەک گەمی و بەلەم هەر هی ئەوان بوو وە دەبوو لەوانمان وەر بگرتایێت. پاش دەردی سەرییەکی زۆر گەمیمان وەرگرت و بە تاریک بونی هەوا هاوڕێ "عەدنان" و واحیدەکەمان بەرەو ئەو بەر ئاوەکە و بۆ لای هاوڕێیانی گوردانی شوان بەرێ کرد.

لەو ماوەدا هێزەکانی جومهووری ئیسلامی لەو بەرەوە خۆیان گەیاندبوە لای ئاوەکە و دیارە ئێمە هیچ ئاگادارییەکمان لەمە نەبوو. واحدەکەی ئێمە کە گەیشتنە نزیکەی قەراخ ئاوەکە لە بەر تاریکی بۆیان مەیسەر نەبوو کە ئاگاداری حوزووری هێزەکانی رژیم بن و کەوتنە کەمین و تەقەیان لێکرا. بە پێی زانیاریەکان کە دواتر دەستمان کەوت، هەر لە دەسرێژی یەکەمدا چوار کەس لە هاوڕێیانی نێو قایەقەکە و لەوانە هاوڕێ "عەدنان" گیانیان لە دەس دابوو وە پەیوەندی ئێمەش لە گەڵ کاک "حەمەی سەبیار" کە

بەرپرسی واحیدەکە بوو وە هەر لە گەڵ تەقە لێکردنیان ئێمەی ئاگادار کرد کە تەقەیان لێکراوە، قەتع بوو. پێویستە ئەوەش بڵێم کە دوای نزیک شش مانگ بە هاتنەوەی کاک حەمەی سەیار بۆ لای یەکێک لە واحیدەکانی کۆمەڵە لە بەرزاییەکانی "چلچەمە" و دوای گەیشتنی بە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە، کاک حەمە خۆی باسی ئەوەی کرد کە ئەو ماوەیە ئەسیری کۆماری ئیسلامی ئێران بوە.

لەم ماوەدا هەر وەک پێشتر باسم کرد هاوڕێیانی گوردانی شوان لە ئاوایی سیروان بوون و خۆیان ئامادە دەکرد کە بەرەو شوێنە دیاریکراوەکان بێن. بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت کە بە داخەوە ناوچەکە بومبارانی شیمیایی کراوە و ژومارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی مەنتەقەکە ـ کە دواجار مەعلوم بوزیاتر لە پێنج هەزار کەس لە خەلکی بێدیفاع و بێ ڕەبت بە شەرەکەبون ـ گیانیان بەختکردوە. هەر ئەو رۆژە هاورێ "کەمال ئیسماعیلی" ناسراو بە رەحمەت باوەرێز کە پزشکیاری واحیدەکە بو خەبەری پێداین کە لەم بومبارانانەدا چەند کەسێک لە هاورێیانمان کەوتونەتە بەر گازی شیمیایی و حاڵیان باش نییە. ئەودەم ئەوەی لە بیرم بێت ئەو نێوی پێنج شەش کەسی برد. بەڵام هەتا هات، ئەسەری گازەکە لە سەر ژمارەیەکی زۆرتریان خۆی نیشاندەدا. ئەم مەسەلەش ئەوەندەی دیکە کاریکردبووە سەر توانای گوردانەکە و جم وجوولیانی سەختتر کردبوو. لە لایەکی دیکەش و هەروەک پێشتریش باسم کرد بە هۆی شارەزا نەبوون بە مەنتەقەکە و بەڵەد نەبوونی ڕێگا، و هەروەها تاریک بوونی هەوا، ڕێگەیان لێ هەڵە دەبوو، کەوتبوونە نێو زەلکاو و کوێرە ڕێ و شتیوا و بە تەواوی شەکەت و ماندوو ببوون. پاش چەندین سەعات پیادە ڕەوی تەنیا مەودایەکی زۆر کەمیان بڕیبوو و زیاتر هەر بە دەور خۆیاندا خولابوونەوە. نزیکەو رووناک بوونەوەی هەوا، گەیشتبوونە نێو کۆمەڵێک داربی و شوێنێکی تاڕادەیەک نەدیو. بە بوونی هێزەکانی ڕژیمیش لەو نزیکانە و بە روون بوونەوەی هەوا، ئیتر نەدەکرا چیتر ئیدامەی ڕێگا بدەن، بۆیە بە ناچار وتیان لەو شوێنە دەمێنینەوە. ئێمەش ڕێگە چارەیەکی ترمان پێشکنەدەهات و وتمان بمێننەوە تا هەوا تاریک دەکاتەوە و پاشان باقی مەسیرەکە بێن. بە دوای کەوتنە کەمینی ئەو واحیدەی کە بۆ یارمەتی ئەوانمان ناردبوون و بە پێی وەزعی خودی گوردانەکەشەوە، ئیمکانی مانوڕێکی زۆرمان بۆ نەمابووەوە و تەنیا ڕێگایەک کە مابوو ئەوە بوو بە تاریک بوونی هەوا چەند گەمییەک بنێرینە ئەو بەر و بیانپەڕینینەوە. ئەو کارەشمان دانابوو بۆ دەور وبەری سەعات چور ونیو و پێنجی ئێوارە.

دەور و بەری سەعات دو و ئەوانە بوو کە هاوڕێ "شۆکێ" وتی "دیدەبانەکانمان دەڵێن، ژمارەیک چەکدار بە پەلە بەرەو ئێمە دێن". چەند دەقیقەیەک دواتر خەبەری‌دا کە دیدەبان و کەمینەکانمان لە گەڵ ئەو هێزە دەرگیر بوون. زۆری نەخایاند کە باقی گوردانیش کەوتبوونە شەڕەکە و ماوەیەک هەر لە سەر خەت بوون و هاوڕێ "شۆکێ" خەریک فەرماندەهی شەڕەکە بوو. پاش دەور و بەری چارەکێک تا بیست دەقیقە دواتر، تەماسمان بە گشتی لە گەڵ هاوڕێیان قەتع بوو.

بەرداشتی من هەر ئەو سەردەم و دواتریش کە هەندێک زانیاری زیاتر کەوتە دەست ئەوە بوو کە هێزەکانی رژیم تا ڕادەیەکی زۆر هەواڵیان دەست کەوتبوو کە ژمارەیەک پێشمەرگە کە زۆر شەکەت و ماندوون و بە هۆی گازی شیمیاییەوە مەسموم بون و لە وەزعێکی نالەباردان و لەوانەیە توانای شەڕ و دەسکردەوەیەکی ئاوایان نەمابێ هان لەو شوێنە. بۆیە ئاوا بە پرتاو و بە بێ وەها ئارایشێکی نیزامی بەرەو ئەو شوێنە هاتبوون.

بە داخەوە لە ئەنجامدا لە ٧٢ کەسی گوردانی شوان ٥٨ کەسیان هەر لەو شوێنە گیانیانبەخت دەکەن، ١٢ کەسیان بە برینداری و لە حاڵێکدا کە بە گازی شیمیایی مەسموم ببوون بە دیل دەگیرێن کە دواتر بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە لە لایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئێعدام کران، و دوو کەسیشیان کە توانیبوویان خۆیان رزگار بکەن، پاش ماوەیەکی زۆر، گەڕانەوە لامان.

**هاوڕێ حەبیب نوکتەیەک کە پێموایە پێویستە تەوزیح بدرێ ئەوەیە کە هەر وەک خۆشت دەزانی، حیزبی دیموکراتیش هێزێکی لەو ناوچەیە هەبوو. بەڵام ئەو هێزەی ئەوان ئەگەرچی بە هەر حاڵ بە زەحمەتی زۆر بەڵام توانیان لە مەنتەقەکە**

**دەرباز بن و تووشی شەڕ و دەرگیری ئەوتۆ نەبن. گوایە ئەو کات ئەوان پێشنیاریشیان بە هاوڕێیانی ئێمە دابێ کە لە گەڵ ئەوان بکەون و بەو ڕێگەی ئەواندا پاشەکشێ بکەن. ئایا شتیوا بووە و ئەگەر بوو چۆن بووە کە ئەو کارە نەکراوە؟**

ئەوەی من لە تەریقی هاوڕێ شۆکێ وە ئاگاداری بوم ئەوەیە کە: هاوڕێیانی ئێمە توشی چەن کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات هاتبون وە بە هاوڕێیانی ئێمەیان کوتبو بچن بو لایان، بەلام هاوڕێ شۆکێ بە منی وت کە خۆیان دایاناوە بڕۆن بۆ شارۆچکەی سیروان، هەم حەسانەوەیەک دەکەن و هەم خواردنیش لەگەڵ خۆیان هەڵ دەگرن بۆ ئیدامەی ڕێگایان و گەرانەوەیان بۆ لامان. ئێمە دەمانزانی کە حیزبی دیموکراتیش هێزی لەو ناوچە هەیە، بەڵام نە ئاگادری مەسیری پاشەکشەیان بووین و نە دەمانزانی بەرنامەیان بۆ دەربازبون لە وەزعەکە چیە و نە دەشمانزانی کە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردی ئێراق بۆ پاشەکشە کردنیان یارمەتیان دەدەن، هەمو ئەو شتانەمان دواتر بۆ ڕون بۆوەوە. کاتێک کە جەرەیانێک دێتە پێشەوە و هەموو شتەکان بەو ئاقارەدا ناڕوا کە تۆ پێشبینی دەکەی و ئاکامەکەی شتی ناخۆشی وەک کارەساتی گوردانی شوانی لێدەکەوێتەوە، ئینسان دەڵی بریا وام نەکردایە و ئاوام بکردایە. خۆ دەکرا بۆ نموونە تەنانەت ئەگەر ئەوانیش پێشنیاری هاوکاری و پێکەوە کارکردنیان نەدابا، ئێمە ئەوکارەمان بکردایە و خوازیاری ئەوە بوایەتین کە پێکەوە بڕۆین و ئەگەرلەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ـ یش ڕوبەڕو بۆین، پێکەوە لێیان دەین. بە باوەری من؛ شەری چەن سالەی حیزبی دێموکرات لە گەڵ کۆمەڵە هۆیەکی سەرەکیە بۆ خۆ لادان لە تەماس گرتن لەگەڵیان لەو هەل و مەرجە سەخت و دشوارەی بۆ هەر دو لامان هاتبۆە پێشەوە. ئاسان نییە، دوو هێز کە پێکەوە شەڕیان کردووە، لە ناکاو ئاوا متمانە بە یەک بکەن کە بێن و پێکەوە کارێکی وەها گرینگ بکەن. بێگومان ئەگەر ئەو شەڕی دوولایەنە نەبوایە، لەوانیە ئەو تەماسە لە هەردوولاوە بگیردرایەت و هەر دوو هێزەکە پێکەوە پاشەکشەیان بکردایەت. بەڵام بە داخەوە ئەو تەماسە لە ئارادا نەبووە.

**هاوڕێ حەبیب، بە داخەوە ڕووداوەکەی گوردانی شوان بەو شێوەی لێهات کە بۆ خۆت باستکردوو دەکرێ بڵێین یەکێک لە ناخۆشترین ڕووداوەکانی مێژووی هەڵسووڕان و چالاکی کۆمەڵە بووە، ئەمڕۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی تۆ لە ڕووداوەکە چییە، هەم لە ناردن و دامەزراندنی واحدێک لەو ناوچەیە لەو هەل ومەرجەدا و هەم لە سەر خوودی ڕووداوەکە.**

پێش هەموو شتێک، هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێداوە، چوونمان بۆ بیارە و ناردنی واحیدی نیزامیمان بۆ ئەو ناوچەیە و جێگیرکردنی لەوێ، لەو هەل ومەرجەی ئەو سەردەمەدا، کارێکی هەڵە بوو. لە هەر جم وجووڵێکی بە تایبەت نیزامیدا تۆ دەبێ بە وردی گشت هەل ومەرجی کارەکە لێکبدەیتەوە. ئەگەر ئەو کارە نەکەیت و مەنتیق و لێکدانەوەیەکی دروستت نەبێت، رادەی زەربە پەزیری هێزەکەت دەبێتە سەر. بە داخەوە لەم مەسەلەدا هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی غەڵەت لە ئارادابوو و دەتوانم بڵێیم تەنیا مەنتیقی پشت ئەم لێکدانەوەیە، ماجراجویی و ئیرادەگەرایی بوولە عەرسەی کاری نیزامیدا. ئاڵ وگۆر بە ئیرادە و بە حوزوور پەیداکردن لە شوینێک پێکنایەت. بەبێ ئەوەی کە لە پێشدا هەل و مەرج و زەمینەی پێویستی بۆ برەخسێنی، ئاکامەکەی دەتوانێ کارەساتی لێبکەوێتەوە. لێرەدا ئەوەش بڵێم کە بە پێچەوانەی ئەوەی کە سایتی کۆمەڵە(حکا) لە سەر کارەساتی گوردانی شوان تەوزیحی داوە، کە گوایە مەقەڕی "بیارە" لە لایەن کومیتەی ناوچەی سنەوە وەک شوێنی حەسانەوەی واحیدەکانی تیپی ۱۱ی سنە و لەوانە گوردانی شوان لەبەرچاو گیرابوو، دەبێ بڵێم وانەبوە. نە کومیتەی ناوچەی سنە ئەو بریارەی دابوو نە ئەوێش شوێنی حەسانوە بوو."بیارە" نەک هەر شوێنی حەسانەوە و پشتی جیبهە نەبوو بەڵکو ڕێک نووکی جیبهە بوو. ئەو واحیدانەی کە لەوێ جێگیر دەکران، لەوانە گوردانی شوان نەک هەر نەدەحەسانەوە بەڵکوو هەمیشە لە حاڵی ئامادەباشدا بوون و هەر بەو دەلیلەش ماوەیەکی زۆرمان ڕانەدەگرتن و مانگی جارێک دەمانگۆڕین. ناوچەی سنە شوێنی حەسانەوەی خۆی هەبوو ئەویش "چنارە" بوو وە هەموو واحیدەکانی لەوێ دەبوون. مەقەڕی "بیارە" هەروەک باسم کرد، بە مەبەستی دەسپێکردنەوەی هەڵسووڕان و حوزووری دووبارەمان لە ناوچەی هەورامان کرایەوە، بەڵام بە لێکدانەوەیەکی هەڵەو بە بێ هەڵسەنگاندنی هەل ومەرجی ڕاستەقینەی ناوچەکە. کاتێک سیاسەتی چوون و دامەزران لە "بیارە" هەڵدەبژێری، دەبێ مەبەست و ئامانج لەو کارەش

دیاری بکەی و لە گەڵ ریسکێک کە کارەکە هەیەتی هەڵسەنگێندرێ، ئەو ئەندازە لە ریسک چەندە پێویستە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دیاریکراوە. تا کەیْ لەوێ دەبم و لە چ هەل و مەرجێکدا و چۆن بەجێی دێڵم. بە پێی ئەو هەواڵ و گوزارشانە کە گەیشتبوونە دەستمان، رژیم خەریکی هێزکۆکردنەوەو تەمەرکوزبو لەو مەڵبەندە ، خەبەری هێرشی نیزامی رژیم بە دەستمان گەیشتبو، بەڵام لە چەند و چونی هێرشەکە هیچ ئاگاداریەکمان نەبو. لێرەدا ئەوش بڵێم کە هیچکام لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردی ـ ئێراق، تەنانەت دۆستەکانی کۆمەڵەش تا ئەو جێگای من ئاگادارِبم هیچ ئاگادارییەکیان لەو بابەتەوە بە ئێمە نەدابوو. ئەگەرچی چاوەڕوانی ئەوە هەبوو کە بە جۆرێک ئاگاداریان بکردایەتین. بە هەر حاڵ بە پێێ سیاسەت و تەجرەبەی چەندین ساڵەی خۆمان لە عەرسەی کاری پێشمەرگانەدا، هەرکات ئێمە لە تەمەرکوزی زۆری هێزەکانی رژیم ئاگادار بوایەتین، لە هەرکوێ بوایە، لە ئاواییەک بوایەتین یان لە بەرزاییەک، ئێمە دەس بەجێ، جێ خاڵیمان دەدا و هێزەکانمان لە شەڕێکی نابەرابەر و نەخوازراو دەپاراست. لە مەوردی گوردانی شواندا بە داخەوە ئەوکارە نەکرا کە، بەرپرسانی کۆمەڵە گشتمان لەو خەبەر و هەواڵانە داچڵەکێین و هێزەکانمان بێنینە دواوە. بە داخەوە بە هۆی کەمتەرخەمی، تەنانەت پاش ئەوەی کە هەواڵی خومپارە بارانی پردی "زەڵم"مان پێگەیشت کە تەنیا خاڵی وەسڵکردنی بیارە بە سەید سادق بو، دیسانیش لە لایەن ئەو کەس و ئورگانانەوە کە بەرپرسایەتی ئەوکارەیان لە عۆدە بووە، بڕیاری پاشەکشە نەدرا و بەو کارە ئێمە واحیدەکانی خۆمانمان خستە مەترسییەکی گەورەوە کە ئەو کارەساتە ئەسفناک و دڵ تەزێنەی لێکەوتەوە.

ئەوکات کە من پێم ووتن شوێنەکەیان بە جێ بێڵن، هاوڕێیانی گوردانی شوان کەوتبوونە حاڵەتێکەوە کە پاشەکشەیان پێ تەحمیل ببوو وە هیچکارێکی دیکە نەدەکرا. هێزەکانی رژیم هاتبوونە بەرزاییەکانی سەر مەقەڕی بیارە و بە چەکی سووک تەقەیان لە مەقەڕ دەکرد. لە وەها هەل ومەرجێکدا تەنیا کارێک کە دەکرا ئەوە بوو کە هاوڕێیانمان بێسیم و چەکەکانیان هەڵگەرن و دەرباز بن. بۆیە ئەگەرچی بڕیاردان لە سەر جم وجووڵی نیزامی گوردانی شوان لە دەس مندا نەبوو، بە بێ ڕاو تەکبیر لە گەڵ کەس، پێم ووتن بێنە دواوە. هەر لەو لەحزەوە لە واقیعدا، ئیبتیکاری عەمەل لە دەس ئێمە و خوودی هاوڕێیانی گوردانی شواندا نەمابوو. رەوتی رووداوەکان و خێرایی ئاڵ وگۆڕەکان بە جۆرێک بو کە تەنانەت ئینتخابی مەسیری پاشەکشەشی لە دەس ئێمە دەرهێنا. ئەگەر ئێمە زووتر وبە سەرسۆنگە بڕیاری هاتنە دەرەوەمان لە "بیارە" بدابایەت، دیارە مەسیرێکی دیکە و شوێنێکی دیکەمان بۆ هاتنە دواوە هەڵدەبژارد. هاوڕێیانی گوردانی شوان لە وەزعیەتێکدا قەراریان گرتبو کە؛ بە شوێن و مەنتەقەکە نە شارەزابون، لە گەڵ خەڵکەکە ئاشنایی و ناسراوییەکی ئەوتۆیان نەبو. دواتریش تووشی بومبارانی شیمیایی بون و واحیدی کۆمەکیەکەش کەوتە کەمین وبە داخەوە تێداچون. بەمجۆرە هاوڕێیانی گوردانی شوان لە یەک کاتدا لەگەڵ مەجموعەیەک فاکتەری نێگاتیو ڕووبەڕو بونەوە و لە وەها شەرایتێکدا لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانی ئێرانیشەوە هێرشیان کرایە سەر. تەنانەت ئەگەر هێزەکانی رژیم کە نازانم چۆن ئاگاداری حوزووری ئەوان لە ئاخرین شوێنیان ببوون، دوو سێ سەعات درەنگتر بیانزانیبایە دیسان بە ئیحتیمالی زۆر دەمانتوانی هیچ نەبێ ژمارەیکیان رزگار بکەین.

**لە سەر ناردن و دامەزرانی واحیدەکانی ناوچەی سنە لە "بیارە" و ئەوەی کە کێ یان چ ئورگانێک لەو بڕیارە بەرپرس بووە، شتی جۆراوجۆر وتراوە. هەروەک خۆشت لە قسەکانتدا ئیشارەت پێکرد، بۆ نموونە لە نوسراوەیەکدا کە لە سەر رووداوی گوردانی شوان و تەبعەن لە ژێر چاوەدێری ئەو بەشە لە رێبەری ئێستای سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ کۆمەڵە کە ئەو کاتیش هەر لە رێبەری تەشکیلاتدابو تەنزیم کراوەو لە سەر سایتی کۆمەڵە(حکا) داندراوە دەڵێ کە: "بیارە یەکێک لەو ئاواییەسنوورێینە بوو کە دیاریکرابوو بۆئەوەی گوردانی شوان یەکێک لە گوردانەکانی سەر بە ناوچەی سنە بۆ حەسانەوە و پشتی جەبهەی خۆیان لەوێ کەڵک وەر بگرن". یان کاک "عەبدوڵای موهتەدی" نێوی چەند کەسێک و یەک لەوانە نێوی ئێوە وەک کەسانێک کە بەرپرسایەتیان هەبووە دێنێ. زۆر کەسیش پێی وایە کە کومیتەی ناوچەی سنە بەرپرسایەتی هەبووە و ئەوان ئەو بڕیارەیان داوە. دیارە لێرە مەبەست ئەوە نییە کە تاوانی ئەو رووداوە، بخرێتە پاڵ تاکە**

**کەس یان تاکە ئورگانێک، پرسیارەکەی من ئەمەیە کە ئەم مەسەلە خاڵێکی نارۆشنی ئەو رووداوەیە، ئێوە کە تا ئەو جێگای من لە بیرم بێ ئەو دەم هەم ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوون و هەم بەرپرسی کومیتەی ناوچەی سنە و بەرپرسی نیزامی ناوچەش بوون، لەم بابەتەوە ڕاتان چییە؟**

هاوڕێ حەبیب: بەڵی ئەو کات من ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە و بەرپرسی هەماهەنگی کومیتەی ناوچە و بەرپرسی نیزامی ناوچەی سنە یانی بەرپرسی تیپی ١١ی سنە بووم. ئەوەی لێرەدا و لە وەلامی پرسیارەکەتاندا باسی دەکەم، لە روی حەقایق و رودواێکەوەیە کە خۆم لە نزیکەوە لێی ئاگادارم. ئەگەر ئینسان بیەوێ مێژووی رووداوێک یان بەسەرهاتێک باس بکات دەبێ بە بەرپرسایەتییەوە ئەو کارە بکات و شتەکان لە جێی خۆیان دابنێت. هەروەک پێشتریش باسم کرد و لە پرسیارەکەی ئێوەشدا سەبارەت بە روداوی گوردانی شوان لە سایتی کۆمەڵە(حکا) هاتوە، ومنیش ئەوەی لێ زیاد دەکەم کە کاک "ئیبراهیمی عەلیزادە" لە چەند ووتاریک و لە چەن شوێنێکی جیاواز و هەر بە موناسەبەتی کارەساتی گوردانی شوان باسیکردوە ولە ئەساسدا هەر پۆختەی قسەکانی بەرێزیانە کە کراوەتە نووسراوەیەک و لە بەشی "یادی هاوڕییانی گیانبەختکردوو" لە ماڵپەڕی کۆمەڵە سازمانی کوردستانی حیزبی کومۆنیستی ئێراندا لە چاپ دراوە، دەڵێ: "کە کومیتەی ناوچەی سنە بیارەی وەکوو شوێنی پشتی جیبهە و بۆ حەسانەوە بۆ واحیدەکانی خۆی دیاری کردبوو وە ناردبوونیە ئەوێ". هەروەک لە قسەکانی پێشووشمدا باسم کرد، "بیارە" نەک هەر بۆ حەسانەوە و پشتی جەبهە نەدەبوو، بەڵکوو هەر واحیدێک لەوێ بوایە بە تەواوی شەکەت و ماندوو دەبوو، چون دەبوا بە دەلیلی نوکی جەبهە بون بەردەوام لە حاڵی ئامادەباشیدا بوایەن. کەوایە "بیارە" نەک بۆ حەساندنەوە بەڵکوو بۆ ئامانجێکی دیکە و کارێکی دیکە لەبەرچاو گیرابوو کە من پێشتر باسم کردوە. جگە لەوە، کومیتەی ناوچەی سنەش نەبوو کە ئەو بڕیارەی دابوو، بەڵکوو ئەوە کومیتەی ئیجرایی کۆمەڵە بوو کە دەبیر ئەوەڵی تەشکیلات(کاک ئیبراهیم علیزادە) نەزارەتی بە سەرئەو کومیتەیەوە هەبو، لەو بارەوە بڕیاریان داوە. ئەز قەزا لیکدانەوەی کومیتەی ناوچەی سنە لە مەسەلەکە ڕێک بە پێچەوانەی هەڵسەنگاندنی ڕیبەرایەتی بوو. تەنیا کومیتەی ناوچەی سنەش نەبوو کە موخالیفی ئەو بڕیارە بوون من لە بیرمە کە زۆرێک لە کادرەکانی ناوچەی سنەش، هەروەک ئێمە موخالیفی جێگیرکردنی هێز لەو مەڵبەندە بوون. هەڵبەت ئەوە بڵێم کە موخالەفەتی کومیتەی ناوچەی سنە لەو ڕوانگەوە نەبوو کە گوایە ئێمە پێشبینی ئەوەمان کردبوو کە هێرشێکی وا دەکرێتە سەر واحیدەکەمان و لە بەین دەچێ. ئێمە ئەوەمان ئەووت کە "بیارە" شوێنی حەسانەوە نییە و باشتروایە واحیدەکانمان لەخۆڕا شەکەت نەکەین و ئیمکانی حەسانەویان بۆ فەراهەم بکەین. کاتێک ئەو تەسمیمە گیرابوو من لەوێ نەبووم. ئەوکاتە من لەگەڵ چەند واحیدێکی ناوچەی سنە لە ناوەوە، لە ناوچە داگیرکراوەکان لە مەئموورییەتدا بووین. بە هەرحال واقیعەت ئەوەیە کە؛ پێش ئەوەی هیچ هێزێکی ناوچەی سنە بچێتە "بیارە"، هەیئەتێک لە ناوەندیەوە دێن بۆ "چنارە" و لە گەڵ ئەو جەمعە لە هاورێیانی کومیتەی ناوچەی سنە کە لە چنارە مابونەوە و، هەر وەها لەگەڵ هاورێیانی کومیتەی ناوچەی مەریوان موشتەرەکەن کۆبوونەوە دەکەن ولە سەرزەرورەتی دانانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە بیارە، قسە و باس دەکەن، کاتێک لەگەڵ موخالەفەتی ئەو جەمعە لە هاورێیانی کۆمیتەی ناوچەی سنە روبەرو دەبن، ئەوتەسمیمەی خۆیان لە سەر کومیتەی ناوچەی سنە دەکەن بە بڕیار کە دەبێ بەرێوەی ببا. ئەو جۆرەی کە من بیستوومە نەک هەر کومیتەی ناوچەی سنە بەڵکوو کومیتەی ناوچەی مەریوانیش هەر موخالیفی ئەو بڕیارە بوون.

پاش گەڕانەوەم بۆ "چنارە"، لە کۆبوونەوەیەکی کومیتەی ناوچەی سنەدا باسی ئەو مەسەلەیەمان کرد و منیش موخالیفەتی خۆمم لە گەڵ ئەو بڕیارە دەربڕی. کە واتە هەموو حەوت هەشت کەسی کومیتەی ناوچە موخالیفی ئەو بڕیارە بووین. بەڵام چون لە سەرمان کرابوو بە بڕیار، بەڕێوەمان برد. هەڵبەت پێم باشە کە بۆ مانەوە لە تاریخیشدا بووبێ ئەم نوکتە باس بکەم کە؛ پاش هاتنەوەم بۆ لای ناوچەی سنە و دانیشتنمان لە سەر ئەو بابەتە، من و کاک "سەلاحی مازووجی"، بەیانی ئەو رۆژە چووین بۆ بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە "بۆتێ" بۆ لای کاک "ئیبراهیم علیزادە" بۆقسە وباس لە سەر ئەو مەوزوعە. بەداخەوە کاک ئیبراهیم

لە جیاتی بەجیدی گرتنی مەوزوعەکە بە بێ تەوەجوهییەوە ئێمەی حەواڵەی لای کومیتەی ئیجرائی کرد. ئیمە کە هەم لەو شێوە جوابەی ئەو قەڵس بووین و هەم پێشتریش لەو بابەتەوە لە گەڵ کومیتەی ئیجرایی قسە کرابوو وە دەمانزانی بە نەتیجە ناگەین، هەڵسایین و بە توورەییەوە گەڕاینەوە بۆ "چنارە". ئەمە حەتمەن کاک "سەلاحی مازووجی" لە بیریەتی چون ئەو دەم چەندین جار لەسەر ئەم مەسەلەیە پێکەوە قسەمان کردووە. مەبەستم ئەوەیە کە روونی بکەمەوە کە بەڵێ، دوو بۆچوون لە بابەت دانانی مەقەڕی "بیارە" و ناردنی واحیدێک بۆ ئەوێ هەبوو. لە شوێنێکی دیکە لە قسەکانی کاک " ئیبراییم" دەڵێ کە بریاری پاشەکشێ لە لایەن کومیتەی ناوچەی سنەوە دەرکرا ،بەم شێوە لە سەر مەسەلەکە قسە کردن بە بڕوای من بۆ سەبت لە تاریخیشدا بووبێ موناسب نییە. هەر وەک باسم کرد ئەوەڵەن کومیتە ناوچەی سنە هیچ بریارێکی دەرنەکردوە و ئەوە ئەسڵەن لە بابەت تەقسیمی کار و بەرپرسایەتی تەشکیلاتییەوە، ئەرکی کومیتە ناوچە نەبوو وە لە ئێختیاراتی ئەودا نەبوو. لەم بابەتەوە بۆ ئاگاداری ئێوە و بۆ سەبت لە تاریخیشدا ئەوە بڵێم کە ریبەرایەتی کۆمەڵە واتە کومیتەی ئیجرایی ئەو سەردەم کە لە ژێر چاوەدێری راستەوخۆی دەبیر ئەوەلی کۆمەڵەدا کاری دەکرد، تەقسیم کارێکی بەم شێوەیان بۆ مەقەڕی "بیارە" و بۆ ئەو واحیدەی کە لەوێ جێگیربو، لە بەرچاو گرتبوو: یەکەم کاروباری نیزامی واحیدەکە دەربەست بە کومیتەی ئیجرایی درابوو. دوهەم کاری سیاسی و ئاڵ وگۆڕی واحیدەکان بە کومیتەی ناوچەی سنە سپێردرابو. سێیەم کاری تەداروکاتی و لوجێستیکی واحیدەکەش درابوو بە ئۆرگانی"ئاسۆس" کە کاری دیپلۆماسی کۆمەڵەی بەرێوەدەبرد. بەم شێوەیە کاری تەدارکات و بەرپرسایەتی نیزامی ئەو واحیدەی کە لە بیارە جێگیر دەبو، لە سەرشانی کومیتەی ناوچەی سنە نەمابو. هەر بەم بۆنەوە ئەگەر هەر خەبەرێک و گوزارشێک لەو بابەتەوە ببوایە، پەیامەکان راستەوخۆ بە کۆمیتەی ئیجرایی کۆمەڵە دەدرا و روونووسێکیشیان دەنارد بۆ ئێمە وەک کومیتەی ناوچە. پێم خۆشە لێرەدا ئەوەش بێژم کە مەبەستی من لەم قسانە ئەوە نییە کە باری بەرپرسایەتی ئەو مەسەلە لە سەرشانی خۆم داماڵم و بیخەمە سەرشانی کەس یان ئۆرگانێکی دیکە. منیش کە ئەو سەردەم ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە و ئەندامی کومیتەی ناوچەی سنە و بەرپرسایەتیشم لەوێ هەبوو، لەم مەسەلەشدا بەرپرسم و ئەگەریش کاتێک بێت و لەم مەسەلە بکۆڵدرێتەوە، منیش یەکێک لەو کەسانەم کە دەبێ حازر بم و قسەی خۆم بکەم. لێرەدا ئەوەش بڵێم کە ئەوجۆرەی کاک "عەبدوڵڵا " لە زنجیرە وت وویژێکیدا لە ژێر سەردێری "پێنج سال لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا موهتەدی" کە بوە بە کتێب و لە چاپ دراوە، لە سەر رووداوی گوردانی شوان نێوی چوارکەس دەبات کە گوایە هەرئەو چوار کەسە لە جەرەیانی تەسمیمات وکارو ئوموراتی مەربوت بە گوردانی شوان ئاگادار بون. واقعیەت ئەوەیە کە ئەو کات کاک عەبدوڵڵا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە نەبو تا بەرپرسیاریەتی راستەوخۆی بکەویتە سەرشان، بەلام لەمەوقعیەتی دفتەری سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، دەبو کاک عەبدوڵڵا ئەوەندەی مەشغەلەو پەرۆشی کۆمەڵەی بوایە کە هەرئەو کات چ لە سەر سیاسەتی هەڵەی ناردنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ شوێن و مەڵبەندی نازەرور و چ لە دوای رووداوە دڵتەزێن و کارەساتبارەکەی گوردانی شوان هەڵویستی رون و ئیجابی بوایەت. پێویستە ئەوەش بێژم کە هیچکات و هیچکام لە رێبەرانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی یەوە بگرە تا کاک ئیبراهیم علیزادە و تا باقیەکەی نەچوونە پای هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی ئەو سیاسەتە کە ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی لێکەوتەوە. سیاسەتی زاڵ بە سەر بریاری کردنەوەی مەقەڕی "بیارە" و جێگیرکردنی واحیدەکان لەو مەقەڕە لە کوێوە هاتو لە چ بۆچونێکەوە سەر چاوەی دەگرت، چ کەسانێک لێی بەرپرس بون، چ دەرس و ئەزمونێکی بۆ دوارۆژ لێوەردەگرین. بە باوەڕی من دەبو هەر ئەو کات رێبەری کۆمەڵە بە ئیحساسی مەسئولیەتی تەواوەوە بچوایەتە پای ئەرزیابییەکی زانستیانە لە سەر ئەم رووداوەو کەم وکوورییەکانی لە باری سیاسی و نیزامیەوە دەس نیشان بکردایەو بیروباوەڕی گشتی خەڵکی کوردستانی لە ڕاستییەکانی ئەو رووداوە ئاگادار بکردایەتەوە.

**کاک حەبیب با ئەم بەشە بە جێ بێڵین و هەندێک لە نزیکەوە بێینە سەر باسی گوردانی شوان. زۆرجار باس لە تایبەتمەندییەکانی گوردانی شوان کراوە. ئێوە کە خۆتان لە نزیکەوە هەم کەسان و کەسایەتی پێشمەرگەکانی گوردانی شوانتان ناسیوە و ئاشنای هەموو هەڵس وکەوتەکانیان، ئەم تایبتمەندیەیان چۆن دەستەبەر دەکەن و هەڵیاندەسەنگێنن.**

هاوڕێ حەبیب: ڕاستییەکەی ئەگەر بمانەوێ لە سەر دەور و نەقشی گوردانی شوان لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵە و بە تایبەت لە مەیدانی هەڵسورانی پێشمەرگانەدا قسە بکەین، دەبێ کاتی زورتری بۆ تەرخان کەین، چون لە راستیدا ناکری ئەو هەمو فەعالیەت و چالاکیە بەر بلاوەی هاورێیانی گوردانی شوان لە ماوەی چەن سال لە تێکۆشانی سیاسی و چالاکی نیزامی دا بویانە لە کورتە موساحەبەیەکدا ولام بدرێتەوە. بەڵام بە چەند لایەنێک لەو بابەتە ئاماژە دەکەم. من ئەو شانازیەم هەبوو کە هەر لە شەڕی ٢٤ رۆژەی شاری سنە وە کە پێشمەرگە لە ناو شار و دەوروبەری شار چالاکی هەبوو، لە گەڵ زۆرێک لەو هاوڕێیانەی کە دواتر و بە پێکهاتنی گوردانی شوان، لەو گوردانەدا سازمان دران، نزیکایەتی و پەیوەندیکی هەمە لایەنە چ لە عەرسەی سیاسی یان چالاکی نیزامی و بە تایبەت رابیتەیەکی عاتیفی وسەمیمانە پەیدا بکەم. بۆیە لە نزیکەوە ئاشنای کار و چالاکییەکانیان هەم. ئەگەر لە تایبەتمەندی گوردانی شوان قسە بکەم، لە لای من بەو مانایە نییە کە گوایە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا هەبووە. ئەگەر تایبەتمەندییەک بوو‌بێت، دەگەڕێتەوە سەر هەل ومەرجی کار و چالاکی هەرکامیان و شێوەی ئەو چالاکیانە. لە مەجموع دا هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە گشتی لە یەک بەرنامە و یەک سیاسەت پەیرەوییان کردوە و وەک کەسایەتیش، بە گشتی لە ورەیەکی بەرزی شۆڕشگێڕانە بەهرەمەند بون. بەڵام هەروەک باسم کرد هەل ومەرجی هەڵسووڕانی گوردانی شوان رەوشت و شێوەکاری تایبەتی پێ بەخشیبوون. پەیوەندی و عیلاقاتێک کە لە نێوان خەڵک و کۆمەڵەدا بە تایبەت لە شاری سنە هەبوو، ڕاستەوخۆ لە کار و هەڵسووڕانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی سنە و لەوانە لە نێو هاوڕێیانی گوردانی شواندا کە بەشی هەرە زۆریان خەڵکی سنە بوون رەنگی دەدایەوە. زۆربەی هاوڕێیانی گوردانی شوان هەرکامیان رەنگە دەیان جار لە هەل ومەرجی جۆراوجۆری وەک چالاکییەکانی نێو شاری سنە، لە نێو ماڵەکان و ناو خانەوادەکان مابێتنەوە وخەڵک حەشاریان داون. تایبەتمەندییەکی دیکە، لە شێوەی کار و چالاکی پێشمەرگەکانی گوردانی شوان لە دەور وبەر شاری سنە ئەوە بوو کە، بە هۆی هەل ومەرجی جوغرافیایی و وەزعیەتی نیزامی حاکم بە سەر شاری سنە و دەوروبەری شاردا، لە تاکتیک و شێوەکارێک کە بۆ نموونە لە شوێنە سنوورییەکان پەیڕەو دەکرا جیاوازبو. هەل ومەرجی دەوروبەری سنە پێویستی بە تاکتیک و شێوەکاری خێرا و عەمەلیاتی کوت وپڕ و کورت ماوە هەبوو. بە واتەیەکی دیکە پێویستی بەوە بوو کە هێزەکان بتوانن خێرا دەس بوەشێنن و دەس بەجێ بکشێنەوە و جێخاڵی بدەن. زوو بتوانن مانۆڕی پێویست بۆ زەربە لێدان و خۆکشانەوە لە هەر چالاکییەکدا بۆ نموونە لە پایگا گرتندا، بە کار بێنن. ئەگەر هێزەکانی کۆمەڵە لە مەواریدکدا ولە بەعزیک لە شوێنەکانیتر بۆ گرتنی پایگایەک لە تاکتیکی کوتان بە چەکی قورس و پاشان هێرش بۆ سەر پایگاکە کەڵکیان وەر دەگرت، لە دەوروبەری شاری سنە دەبوو لە تاکتیکی غافڵگیری و زەربەی سەریع کەڵک وەر بگری. بۆ نموونە کەلک وەرگرتن لە لیباسی دوژمن وغافلگیر کردنی نیگابانەکانیان لە روناکی رۆژدا. بە کورتی ئەو هەل ومەرجە واتە تێکەڵاوی زۆر لە گەڵ خەڵک و تاکتیکی نیزامی پێویست بۆ دەوروبەری شاری سنە هەم لە باری سیاسی و هەم لە باری نیزامییەوە تایبەتمەندی خۆی بە فەعالیەتی سیاسی و چالاکی نیزامی گوردانی شوان بەخشیبوو. ئەو هاورێیانە بە هۆی دەستەو یەخە بوونی بەردەوامیان لە گەڵ هێزەکانی رژیم و هەڵبەت بە پشت بەستن بە سۆز و خۆشەویستی خەڵکیش دەرحەق بە کۆمەڵە، تێکەڵاوییەکی زۆریان لە گەڵ خەڵک هەبوو وە هەرکات هەستیان بە مەترسی بکردایە، رویان دەکردە ناو خەلک و ئەوانیش بەوپەری دلسۆزیەوە یارمەتییان دەدان. بە گشتی ئەگەر لە چەند خاڵدا باسی تایبەتمەندییەکانیان بکەم، ئەوەیە کە زۆر خوێن گەرم و سەمیمی بوون، لە ناو خەڵکدا زۆر خۆشەویست بوون، بەردەوام لە تەنگ وچەڵەمەدا پشتیان بە خەڵک دەبەست، لە باری نیزامییەوە زۆر چالاک و خیرا بوون و بەردەوام حاڵەتێکی تەعەروزییان هەبوو، چون لەو هەل ومەرجەدا حاڵەتی دیفاعی دەیتوانی زەربەیان لێبدا. هاوڕێیانی

گوردانی شوان زۆر بە دیسیپلین بوون و هەر بڕیارێکی تەشکیلاتیان بە وردی بەڕێوە دەبرد. ئەگەرچی بەشی زۆریان خەڵکی شاری سنە بوون، بەڵام ئەم مەنتەقە و ئەو ناوچە بۆ ئەوان جیاوازی نەبوو، تەشکیلات لە کوێ پێویستی بەوان بوایە بە دڵ و بە گیان ئامادە بوون و خۆیان دەگەیاندە ئەوێ.ئەگەر کەمێک بگەڕێمەوە دواوە، هەر ئەو تایبەتمەندی رووکردنە خەڵک لە کاتی تەنگانەدا بوو کە هاوڕێیانی گوردانی شوانی لە پاشەکشەیان لە "بیارە" هاندا کە بچنە ناو خەڵکی شارۆچکەی سیروان و یارمەتیان لێ وەرگرن و لە نیویاندا بحەسێنەوە. ئیتر وەک باقی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، دڵسۆزییان، فیداکارییان، بەدەربەست بوونیان دەرحەق بە هاوڕێیانیان و دەرحەق بە خەڵک، ئەمانە سەرجەم لە خسوسیات و تایبەتمەندیەکانی ئەو هاوڕێیانە بو. بە داخەوە کە ئێستا خۆیان لەناوماندا نین بەڵام، بیرەوەریەکانیان، پێکەنینە شیرینەکانیان، حەول و تەقەلای بێ وچانیان وەک ئینسانهایەکی سوسیالیست و کومۆنیست بۆ دەستەبەر کردن و بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و دابین کردنی ژیانێکی باشتر بۆ کرێکاران وزەحمەتکێشان، وە بە کورتی یادی ئازیزیان بەردەوام لە دڵی هەموو ئێمە و کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەت خەڵکی شاری سنە و ئاواییەکانی ناوچەی سنە کە زیاتر ئاشنای نزیکی ئەو هاوڕێیانە بوون، زیندوو دەمێنێ. پیم خۆشە لێرەوە جاریکیتر سلاو و رێز و خۆشەویستی خۆم پێشکەش بە بنەماڵەی ئازیز و سەربەرزی هاورێیانی گیانبەخت کردوی گوردانی شوان و هەمو ئەو کەسانە بکەم کە خەمی تێداچونی ئەو هاورێیانە، ئێستاش هەر لە سەربیر و زەینیان سەنگینی دەکا.

**بەرزو بەرێز بێت یادی ئازیزی گیانبەخت کردوانی گوردانی شوان**